### لەنامەیەکدا بۆ سەرۆکی ئەمریکا

# سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان: ناکرێت لە ڕێگای داوەتکردنی وڵاتانی دراوسێ بۆ دەستێوەردان لە کاروبارمان، سەروەریی عێراقی نوێ بخرێتە مەترسییەوە

**ڕۆژی ٢١/ ١٢ بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە بارەی ناڕەزاییەکانی گەلی کوردستان لە بەرامبەر ڕاپۆرتەکەی (بیکەر-هاملتۆن) نامەیەکی ئاراستەی بەڕێزان جۆرج دەبلیو بوش-ی سەرۆکی ئەمریکاو ژمارەیەك لێپرسراوی دیکەی باڵای ئەو وڵاتە کردووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

**بەڕێز جورج دەبلیو بۆش سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**
**بەڕێز کۆنگرێسمان، دینیس هارستێرت سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران**
**بەڕێز ریچارد چێنی سەرۆکی ئەنجومەنی پیران**
**بەڕێز سیناتۆر بیل فریست سەرۆکی زۆرینە لە ئەنجومەنی پیران**





هیوای جەژنی سەری ساڵو ساڵێکی نوێی خۆشتان بۆ دەخوازم

سەرەتا پێزانینی خۆمان بۆ حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەردەبڕین، بۆ ڕزگارکردنی گەلی هەرێمی کورستان لە چنگ ڕژێمی زۆرداری پێشوودا، هەروەها پاراستنی ئێمە لەوەتای ساڵی ١٩٩١ لە سایەی بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشدا.

ڕۆڵی ئەمریکاو هێزە هاوپەیمانەکان لە دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق فاکتەرێکی هاندەر بوو بۆ هەموو گەلانی عێراق، بۆ ئەنجامدانی پەرەسەندن لە پرۆسەی سیاسی، ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق لەسەر بنەماکانی فیدرالیزمو دیموکراسیو ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤدا.

بارودۆخی ئاڵۆز لە عێراقدا، لەگەڵ زیادبوونی توندوتیژی بەتایبەتی لە ناوەڕاستی عێراقدا، ئێوەی وەك ئەمریکییەکانو ئێمەشی وەك عێراقییەکانو هەروەها سەرتاپای خەڵکی جیهانیشی نیگەرانکردووە، بۆیە هەموو لا بە دوای ڕێگا چارەیەکدا دەگەڕێین بۆ ئەم قەیرانە، بۆیە گروپی لێکۆڵینەوە بە سەرۆکایەتی (جیمیس بیکەرو لی هاملتۆن) دامەزرا، خەڵکی ئێمە پێشبینی ئەوەیان دەکرد، کە ئەمە ببێتە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانە بۆ گەیشتن بەڕاستی، لەسەر ئەم بنەمایەش بگەینە ڕاسپاردەکان بۆ ئایندەی عێراق لەگەل ڕێزماندا بۆ ئەندامانی ئەم لیژنەیە، ئەم ڕاپۆرتە چەندین پێشنیازی تێدایە، کە دەبێتە مایەی نیگەرانییەکی زۆر بۆ گەلی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە (١٧)ی دیسەمبەری (٢٠٠٦) دانیشتنێکی تایبەتی ئەنجامدا بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم ڕاپۆرتە.

ڕاپۆرتەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ویستوویەتی گومان بخاتە سەر هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە پابەندبوونیان بە هەرێمی فیدراڵ، لە عێراقێکی دیموکراتدا، نموونەش بۆ ئەمە تیشکیان خستوەتە سەر ئەو ڕاستییەی کە ئاڵای عێراق لە هەرێمی کوردستان هەڵنادرێت، دەستووری عێراقی ئەمەی ڕوونکردووەتەوە، کە پێویستە ئاڵایەکی نوێ بۆ عێراق بێتە کایەوە کە گوزارشت لە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بکات، نەك ئەو ئاڵایەی ڕژێمی بەعس کە لە سایەیدا کۆمەڵکوژی دژ بە گەلەکەمان ئەنجامداوە.

حەز دەکەم سەرنجتان بۆ چەند تێبینییەك ڕابکێشم کە لە ڕاپۆرتەکەی ISG هاتووە، کە ئێمە بەرهەڵستییان دەکەین:

یەکەم: هیچ کام لە ئەندامانی لیژنەی گروپی لێکۆڵینەوە، سەردانی هەرێمی کوردستانیان نەکردووە، بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، وەك ئەوەی کە لەسەر زەمینی واقیعدا هەیە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی دیدوبۆچوونی گەلی ئێمە، ئێمە بڕوامان وایە ئەم ڕاپۆرتە ئەو مێژوو تاڵەی ئێمەی پشتگوێ خستووە کە لەسەر دەستی ڕژێمی پێشووی بەعس بەسەرماندا هاتووە، لەگەڵ بەلاوەنانی هەوڵو کۆششی ئێمە بۆ یارمەتیدان لە دروستکردنی عێراقێکی فیدراڵو دیموکراتیدا.

دووەم:ڕاپۆرتەکەی ISGڕێز لە سەروەری عێراقو حکومەتە دەستوورییەکەی ناگرێت، دەرەنجامی ئەو هەڵبژاردنە ئازادو دیموکراسیانە بوو، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە چاودێری دەکران.

سێیەم: ئەم ڕاپۆرتە پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە هەموو داهاتەکانی نەوتی عێراق پێویستە لە مەرکەزەوە سەرپەرشتی بکرێتو لەسەر بنەمای دانیشتوان دابەش بکرێت، لە کاتێکدا ماددەی (١١٢) لە دەستووری عێراقدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە پێویستە داهاتەکانی نەوت بە گوێرەی قەبارەی دانیشتوانو ڕێژەی ئەو وێرانکارییانە دابەش بکرێت کە لەلایەن ڕژێمی پێشووەوە ئەنجامدراون، لەو بارەیەوە هەڵوێستی ئێمە زیاتر پابەندبوونە بە مەوادی دەستوورییەوە، لەوەی کە لە ڕاپۆرتەکەی ISG هاتووە.

چوارەم: ڕاپۆرتەکەی ISG پێشنیازی دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق دەکات، کە پەیوەستە بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بەهۆی سیاسەتی تەعریبی ڕژێمی پێشووەوە سەریانهەڵداوە، بەم شێوەیە ئایندەو چارەنووسی کەرکوكو ناوچەکانی تر، کەناکۆکییان لەسەرە، بەنادیاری دەمێنێتەوە، ئەمە نەك تەنها ناکۆكو دژ بە دەستووری عێراقە، بەڵکو دواتر دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی زیاتری ئەم کێشەیە.

پێنجەم: هەروەها پێشنیازی فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی دەکات، لەسەر حیسابی دەسەڵاتی هەرێمەکاندا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دژی دەستوورە، کە داوای سیستەمێکی فیدراڵی دەکات، گەلی هەرێمی کوردستان دەنگیان بۆ سیستەمێکی فیدراڵ داوەو دامو دەزگاکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم بنەمایانە دامەزراون، هەر پاشگەزبوونەوەیەکیش لەمە پێشێلکردنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمانە..

لە کۆتاییدا ناکرێت سەروەری دەوڵەتی عێراقی نوێ بخرێتەبەر مەترسییەوە، لە ڕێگای داوەتکردنی وڵاتانی دراوسێ بۆ دەستێوەردان لە کاروبامان، لە هیچ شوێنێکی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە عێراقی فیدراڵو دیموکرات نەکراوە، کە ئێمە بڕوامان وایە عێراق دەبێتە نموونەیەك بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئاماژەیەکیشە بۆ سەرکەوتنمان لەشەڕی دژ بە تیرۆردا.

ئێمە هەنتان دەدەین کە ڕەچاوی ئەو پێشنیازانەی ڕاپۆرتەکەی ISG نەکەن، ئەوانەی کە لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا ناگونجێننو پێشلکاریشن بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق.

ئێمە تەئکید دەکەینەوە کە گەلی هەرێمی کوردستان دۆستو هاوپەیمانی ستراتیژی ئێوەن، ئومێدی بەردەوامبوونی پشتیوانی ئێوە دەخوازین، ئێمە هەمان تێڕوانینو ئامانجمان هەیە، کە ئەویش دامەزراندنی دیموکراسیو مافی مرۆڤو دادپەروەریو ئارامیو بەرژەوەندی هاوبەشی هەموو گەلانی ناوچەکەیە.

دڵسۆزتان
عەدنان موفتی
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
٢١/ ١٢/ ٢٠٠٦

---

### لە داوایەکی قانوونیدا:

# هاووڵاتیانی کوردستان داوای ٢٠٠ ملیۆن دۆلار قەرەبوو لە (بی. ئێن . بی) و (ئەی.دەبلیو.بی) دەکەن

و/محەمەدی مشیر



ڕۆژی هەینی ڕابردوو ڕێککەوتی ٢٢ / ١٢حەفت هاووڵاتی عێراقی لەبری دانیشتوانی کوردستان داوایەکی دادگەرییان لە دژی بانکی پاریسی نیشتمانی و کۆمپانیایەکی ئوسترالی تایبەت بە ناردنی گەنم بەرزکردەوە کە بەهاکەی ٢٠٠ ملیون دولارە لە سەر فریودانیان بەهۆی ئەو گەندەڵییەی بەرنامەی (نەوت بەرامبەر خۆراکی نەتەوەیەکگرتووەکان)ی گرتبوۆە.

لەداواکەدا ئەو حەفت کەسە ڕایانگەیاندووە کە هەریەك لە بانکی پاریسی نیشتمانی(بی. ئێن. بی) و کۆمپانیای (ئەی.دەبلیو.بی A.W.B)ی سنووردار، کە بە پێی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك بە گەورەترین دابینکاری کەلوپەلە مرۆییەکان دادەنرێت ،بە ئەنقەسد لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٣هاووڵاتیانی عێراقییان فریوداوە و،بڕی پارەی داواکراویش وەك لە داوا قانوونییەکەدا کە ٢٠٠ ملیۆن دۆلارە ، بە پێی یاسای فیدراڵەکانی قەلاچۆکردنی (ئیبتزاز) و یاسای گەندەڵی دامەزراوەکان و یاسای قەلاچۆکردنی مومارەسەی گەندەڵی بیانی و گەلێ یاسای دیکە و، بەڵگەنامەکانی ئەو داوایەی لە بەردەم دادگای ناوچەی (مانهاتن)ی ئەمریکا بەرزکراوەتەوە، لە جیاتی ئەو زیانانەیە کە لە ماوەی ناوبراودا بە خەڵکی کوردستان گەیشتوون. بە پێی بەڵگەنامەکانی بەردەم دادگا هاووڵاتیانی شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك لە کوردستانی عێراق داوایان هەیە چونکە ئەوان خۆراك و کەلوپەلی ستانداردیان پێنەگەیشتووەو لەو سوودانەی کە مافی خۆیان بووە بێبەشکراون.لە داواکەدا هاتووە کە کۆمپانیاکان لە ڕێگەی خۆخافڵاندن بە پلانێکی بوودەڵانەی دابڕینی بەشێکی ئەو پارانەی کە تایبەتکرابوون بۆ سوودو بەرژەوەندی عێراقییەکان، دزییان لە عێراقییەکان کردووە، لە جیاتی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندەکانی گەلی عێراق پارەکانیان بۆ خەزینەی ڕژێمی بۆگەنی عێراق ناردووە لە کاتی حوکمی سەرۆکی لادراوی عێراق،یان وەك قەرەبووی ئەو کۆمپانیانە بەکارهاتوون کە کەلوپەلیان بۆ عێراق هێناوە، لەوانەش کۆمپانیای(ئەی.دەبلیو.بی) کە لە جیاتی ئەو بەرتیلانەی بە ڕژێمی عێراقی داون لەو پارانە قەرەبووکراوەتەوە. داوا دادگەرییەکە ڕوونیکردۆتەوە کە کۆمپانیاکان لە ژێرەوە کاریانکردووە و،گەندەڵییەکانیان داپۆشیوە،بە شێوەیەك وایان نیشانداوە کە ئەو پارانە تێچووی ڕەوان . هاوکات داواکە کۆمپانیاکانی تۆمەتبارکردووە بەوەی کە ڕێنماییەکانیان زانیوە، بەڵام پشتگوێیان خستوون و ئەوەیان فەرامۆشکردووە کە ئەوان بە شێوەیەکی ناڕەوا پارەیان داوە بە ڕژێمی سەدام حوسێن.ناوەڕۆکی داواکە ئاماژە بەوە دەکات کە بانکی (بی. ئێن. بی) بڕی ١,٥ ملیار دۆلاری داوە بە ڕژێمی سەدام و کۆمپانیای (ئەی.دەبلیو. بی)یش پتر لە ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری داوە.

لە ڕاپۆرتێکدا کە لە لایەن لیژنەیەکی حکومەتی ئوسترالی ئامادەکراوەو چەند هەفتەیەك بەر لە ئێستا دەرچووە هاتووە کە کۆمپانیای (ئەی.دەبلیو.بی) لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٣ بڕی ٢٢٠ ملیۆن دۆلاری داوە بە ڕژێمی سەدام لە پێناو دەستەبەرکردنی گرێبەستەکانی هاوردنی گەنم بە پێی قانوونی( نەوت بەرامبەر خۆراك). شایانی باسە (جۆن هاوەرد ) ی سەرۆك وەزیرانی ئوستراليا ماوەیەك بەر لە ئێستا لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە فەرمییەکانی تایبەت بەو تۆمەتانەی لە سەر بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك ( کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەرپەرشتی دەکرد ) درابوونە پاڵ هەندێ لەو بەرپرسە گەورانەی یەکێك لە گەورەترین کۆمپانیاکانی ئوستراليا بۆ ناردنی گەنم ،بەوەی کە بەرتیلیان داوە بە ڕژێمی سەدام تاکو گرێبەستەکان بە دەستبهێنن، گەواهی خۆی دابوو.هاوەرد لە گەواهییەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەتەکەی هیچ نووسراوێکی دیپلۆماتی پێنەگەیشتووە ئاگاداری بکاتەوە کە کۆمپانیای گەنمی ئوستراليا سەرپێچی هەیە یاخود ئاماژە بەوە بکات کە کۆمپانیای (ئەی.دەبلیو.بی) ، کە بە یەکەمین نێرەری گەنم ئەژمار دەکرێت لە ئوستراليا، تێگلاوەو بەرتیلی داوەتە بەرپرسانی پێشووی بەغدا تاکو هەندێ کاری ناقانوونی دەستەبەربکات لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراکدا.لە پێشتریشدا ڕاپۆرتی ئەو لیژنەسەربەخۆیەی کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکیهێنابوو بە مەبەستی لێکۆڵینەوەلەو گەندەڵییانەی گوایە لە بەرنامەی ناوبراودا ئەنجامدراون، جەختکراوەتەوە کە ڕژێمی سەدام حوسێن بڕی ١,٨ ملیار دۆلاری وەك بەرتیل و پێشفرۆش (عمولە) وەرگرتووە. (پۆل فۆلکر) سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی یەدەکیی ئەمریکا، کە بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکانی ئەو لیژنە سەربەخۆیە بووە، ڕایگەیاندووە کە ٦٦ وڵات سەرچاوەی بەرتیلەکانن و ٤٤ وڵاتیش تێوەگلاون بەوەی کە نرخی پترو ناڕەوایان وەرگرتووە لە فرۆشتنی نەوت و سەپاندنی نرخی سەربار بەسەر ئەوانەی بەشداربوون لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك. ئەمەو لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە " ماوەی ٣ ساڵ بەسەر بەرنامەکە تێپەڕیبوو کاتێك ڕژێمی سەدام بە ئاشکرا دەستیکرد بە داواکردنی پێشفرۆش لە کڕیارەکان ".هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە "بانکی (بی. ئێن. بی)، کە سەرپەرشتی حیسابی(ئەسکرۆ)ی پەیوەست بە بەرنامەکەی دەکرد و بڕی پارەکەی ٦٤ ملیار دۆلار بوو، یەك بە یەك ئاگای لە ڕووداوەکان هەبووە کەچی هیچ ڕێوشوێنێکی نەگرتۆتەبەر سەبارەت بە بەرپرسیارەتی خۆی لەو کارانەو نەتەوە یەکگرتووەکانی ئاگادارنەکردۆتەوە".

---

# قاعیدەو خەونی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراقدا



و. نەجات خۆشناو

سەرچاوەکانی هەواڵگری و شیکارانی سیاسی وای بۆ دەچن، هەوڵەکانی ڕێکخستنی قاعیدەی تیرۆرست بۆ هەوڵدەدەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقدا پێکبهێنن، توانای ڕووبەڕوو بونەوەی حکومەتی عێراقیان هەیە، ئەو حکومەتەی کە ئەمریکا پشتیگیری دەکات، هەروەها دەڵێن: دەرفەتو بواری سەرکەوتن باشتر دەبێ لەبەردەم هەوڵەکانی قاعیدە، ئەگەر هاتو کاری توندوتیژی فراوانتر کردووە لەنێوان سوننەو شیعەدا لە عێراقدا، بەشێوەیەکی وا بگاتە ئەو ئاستەی لە کۆنترۆڵ دەرچێ، تا دەگاتە ئیحتیمالاتی پێکهێنانی پێگەو ناوچەیەکی ئارام بۆ گروپەکانی قاعیدەو تیرۆرستان لە عێراقدا، هەر ئەوەش یەکێك بوو لەو هۆیانەی کە سەرۆکی ئەمریکی جۆرج بۆش پشتی پێی ببستێتو ببێتە بەڵگەیەك بۆ داگیرکردنی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ و لادانی سەرۆکی عێراق سەدام لەسەر حوکم، هەتا ئێستاش هۆیەکی سەرەکییە بۆ بوونو مانەوەی هێزی عەسکەری ئەمریکا لە عێراقدا، بەرپرسانی لە هەواڵگری ئەرمریکا دەڵێن: ئەو دەوڵەتە عێراقییە ئیسلامیەی کە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا ڕاگەیاندرا، ئەوە پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندن بووە لە لایەن ڕێکخستنی قاعیدەوە لە عێراقداو هیچی تریش نەبووە، ئەو بەرپرسە ئەمریکیەی کە نەیویست ئاماژە بەناوی بدرێ، لەبەرئەوەی کێشەکە زانیاری نهێنی تێدایەو ئاماژە بەوە دەدات کە ڕێکخستنی قاعیدە لەهەوڵی بەردەوامدایە بۆ پێکهێنانی حکومەتێك لەگەڵ ویستو ئامانجی خۆیدا بگونجێت، لەبەر ئەوەش شەڕێکی خوێناوی و توند و تیژ دەکات لەپێناو شەرعیەتدان بە بوونی خۆیان لەوڵاتی عێراقدا، ئەو بەرپرسە ئەمریکییە لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ: ئەو ڕاگەیاندنەی کە لەلایەن قاعیدەوە دەرچووە، بەیانێکی واقیعی نییەو ئامانجێکەو بەس، لەلایەکی تر (ئەیمەن ئەلزەواهیری) کە کەسایەتی دووەمە لە ڕێکخستنی قاعیدە، پشتگیری خۆی بۆ ئەو بیرۆکەیە ڕاگەیاند، لە ڕێگای نامەیەکی تۆمارکراو لەسەر شریتێکی ڤیدیۆیدا، تیایدا، (ئەلزەواهیری) داوای لە موسڵمانان کردووە پاڵپشتی ڕزگارکرد نی فەلەستین و زیندووکردنەوەی خیلافەی ئیسلامی بکەن. ڕێکخستنی قاعیدە لە ڕایگەیاندنەکەیدا دەڵێت: ئەو دەوڵەتەی لەبەغداو هەندێ لەهەرێمەکانی تری عێراقدا هەیە، لەوانەش شاری (ئەنبار) کە شەڕ دژی هێزەکانی ئەمریکا دەکەن، ئەو ناوچەیە (١٠,٠٠٠) هەزار چەکداری تێدایە بۆ ئەوەی جارێکی تر بتوانن کۆنترۆڵی ئەو پارێزگایە بکەنەوە، بەرپرسان دەڵێن: ئەو هەوڵانەی قاعیدە پشت بە درووشمەکانی تائیفەگەری دەبەستێت، لەوانەش هەبوونی ترسو بێ باوەڕی لەلای سوننەکان بەرامبەر زۆرینەی شیعەکان، بەتایبەتی سوننەکان دەیانەوێ خۆیان بپارێزن لەو میلیشیانەی کە توندوتیژنو لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشت دەکرێن و تیمێکی تایبەتیان هەیە بۆ ئیعدام کردنو کوشتنی بەکۆمەڵ، لەلایەکی تر هەندێ لەشیکەرانی سیایی دەڵێن: پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی لەناو جەرگەی عێراقدا، لەلاوانەیە کۆمەڵێکی زۆر لەچەکدارانی عەرەبی بۆخۆی ڕابکێشێ، کە لەدەرەوەی عێراقدا پەیوەندی بەڕێکخستنی قاعیدەوە دەکەن، لەوانەشە نموونەیەك پێشکەش بکەن کە نزیك بێت لەدیدو بۆچوونی ستراتیژی ئوسامە بن لادنی سەرۆکی ڕێکخستنی قاعیدەو ئەلزەواهیری کە هەردووکیان خەباتیان ڕێك دەخەن بەرەو هێنانەوەی (خیلافەتی ئیسلامی نوێ)و فراوانترشی بکەنەوە لەڕێگای جیهانی ئیسلامیدا.

(یاسر ئەلقەتارنە) شیکەری ئەمنی لەپەیمانگای دیبلۆماسی ئەردەنی دەڵێ: خشتەیەکی کاری نوێمان هەیە لە کۆمەڵێکی بەهێز، پێموایە ئێمە ڕووبەڕووی دوژمنێکی بەتوانا دەبینەوە، لەدرێژەی قسەکانیدا (ئەلقەرتانە) دەڵێ: بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی هەنگاوەکانی قاعیدە و سیاسەتە چەوتەکانی، پێویستی بە هەماهەنگی سیاسی هەیە لەگەڵ لایانە چەکدارەکانی سوننەدا، بەتایبەتی قەومییەکان، لەبەر ئەوەی ئەگەر هاتو عێراقییە سوننەکان بەشێوەیەکی گشتی نەچوونە ناو پرۆسەی سیاسیەوە لە عێراقدا، ئەوە وەزعی قاعیدەو چەکدارەکانی بەرەو چاکی دەڕوا و خۆی دەسەپێنێ وەکو لایەنی سوننی سەرەکی لە عێراقدا.

بەرپرسێکی تر دەڵێ: قەومییە سوننەکان، لەوانەی بیرۆکەی عەلمانیان هەیە، بڕوایان نییە بە ڕاو بۆچوونی دینی توندڕەو، هەروەها ئیسلامییە عێراقییەکان لەوە دەترسێن، کە ئەگەر هاتو چوونە ناو ڕێکخستنەکانی قاعیدە، دووریان بخاتەوە لەئامانجی ستراتیژی ناوخۆی وڵاتەکەیان لە عێراقدا، بەڵام ئەوەی گرنگەو جێی باسە بیرۆکەی دانانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقدا، خەڵکێکی زۆر کەمی بۆخۆی ڕاکێشاوە، لەوانە چەند بەرپرسێکی پێشووی موخابەرات لەسەر شێوەی تاك و کۆمەڵی زۆرر بچووکدا.

سەرچاوە: میدل ئیست ئۆن لاین / ٢٥ / ١٢ / ٢٠٠٦